گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵبژێری و بنەماکانی وێنەکێشانی ژمارەیی

**عادل زرار امين**
شێوەکاری, کۆلێژی هونەرەجوانەکان , زانکۆی سلاحەددین ، هەولێر، هەرێمی کوردستانی، عێراق
Adilzrar76@gmail.com

**پ.ی.د. فلح حسن شكرجي**
شێوەکاری, کۆلێژی هونەرەجوانەکان , زانکۆی سلاحەددین ، هەولێر، هەرێمی کوردستانی، عێراق
falah.husain@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٣٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٣٠
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Digital Art, Palette, Drawing, Painting, Technology.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.3.10

## پوختە

هونەری وێنەکێشـــانی ژمـارەیی (دیجیتـاڵی) بە هەموو ئەو کـارانە دەگوترێـت، کە بەهۆی تەکنەلۆژیـاوە ئەنجـام دەدرێـت. تەکنەلۆجیـای دیجیتاڵی لە بنەڕەتدا بۆ بەرهەمهێنانی کاری داهێنەرانەی هونەرییە، وەك وێنەکێشانی تابلۆ، کاراکتەری کارتۆنی، دیمەنی سروشتی، زۆر شتی دیکە بەکـاردەهێنرێـت. هونەری دیجیتـاڵی یەکێکە لە نوێترین هونەرە بینراوەکان، کە بە بوونی وێب ســایتە جیهانییەکان گەشــەی کرد ، لە بچووکترین شــتەوە تـا پێشـــانگا و گەلەرییە جیهـانییەکـان. هونەری دیـجیـتـاڵی تـا دێـت گرنگـی بە تـوێـژینەوەی هونەری و زانســتە مرۆڤـایەتییەکـان دەدات، کە چۆن هونەر و تەکنەلۆژیا بە شــێوەیەکی دانەبڕاو بەیەکەوە گرێدراون، مەبەســت لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئاشــکراکردنی چۆنیەتی کارکردنی هەڵبژێری و بنەماکانی وێنەکێشــانی دیجیتـاڵییە، چوارچێوە تیۆرییەکە بە چاودێریکردنی چەمکی هەڵبژێری لە هونەری مۆدێرندا مامەڵە لەگەڵ بابەتی توێژینەوەی ئێستا دەکات، لەم بـابەتەدا توێژەر لەرێگەی تـایبەتمەنـدی و تـایبەتمەنـدییەکـانی هونەری مۆدێرنەوە شــیکاری بۆ هەڵبژێری هونەرمەندانی مۆدێرنیزمەوە کردووە، لە بـابەتی دووەمـدا توێژەر بـاســـی هەڵبژێری لە هونەری هـاوچەرخـدا کردووە ، پێداچوونەوە بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو ســەردەمەی هونەردا دەکات، وەک بنەماکانی نیگارکێشـانی دیجیتاڵی، توێژەر ئاماژەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە تایبەتمەندییەکانی وەک: کۆنتراســـت، هاوســـەنگی، دەربڕین، ڕیتم کردووە.
لەم توێژینەوەیە دا توێژەر سوودی وەرگرتووە لە شیکردنەوەی وەسفی بۆ خســـتنەڕووی بنەماکان و چۆنییەتی جێبەجیکردن و کارپێکردنی پرۆگرامی وێنەکێشان بە کۆمپیوتەر و ئامێرێکی فرە میدیایی و ئەپەکانی مۆبایلە زیرەکاکان و ئای پاد بۆ دەربڕین لە نیگارکێشـــانی هونەری دیجیتاڵی. ڕێکارە میتۆدۆلۆژییەکان وەک لەم توێژینەوەیەدا باســـکراون دەرئەنجامی توێژینەوە ئەزموونییەکانی توێژەر بوون لە پێکهاتەی وێنەیی بۆ زۆرێک لە پرۆگرامە دیجیتاڵییەکان . کەواتە وێنەکێشـــانی دیجیتاڵی ئامرازێکی مۆدێرنە لە هونەری شێوەکاری کە توێژەر دەتوانێت داهێنانی کارەکانی خۆی تێدا ئەنجام بدات بە یارمەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای ســـەردەم، وەک بەرنامەکانی ســـۆفتوێر و بەرنامەکانی بۆ دروستکردنی وێنەی دیجیتاڵی سەرسوورهێنەر و سێ ڕەهەندیەکان .
**چەمکەکانی توێژینەوە :** هەڵبژێری ، وێنەکێشانی دیجیتاڵی.

## ١. چوارچێوەی توێژینەوە :

### ١-١ گرفتی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـــانی (هەڵبژێری و بنەماکانی وێنەکێشـــانی ژمارەیی) مامەڵە لەگەڵ پەیوەندی ئەدای نێوان توانای توێژەر بۆ شـیکردنەوە و دارِشـتن و توانای کۆمپیوتەرە دیجیتاڵیەکان لە بواری بینراودا بەدەســـت هاتووە. هەروەها هەڵبژاردنی ســـیســـتەمی تەکنەلۆجیا و دەرگا بۆ هونەرمەندانی دیجیتاڵی والا دەکات کە بەهرەکانیان بە شێوازی مۆدێرنانە بخەنە ڕوو.

هەڵبژێری تـایبەتمەنـدییەکی دێرینی مێژووی مەعریفەیە، کەواتە لە هونەری دیجیتـاڵـدا چی هەڵدەبژێرین بۆ دروســتکردن و چۆن؟ گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کێشـــەی توێژینەوەکە دیاری دەکـات، بەتـایبەتی لەگەڵ بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی بـازنەی بـازرگـانی ئـامێرە دیجیتـاڵیەکـان و بەرنامەکانی سـۆفتوێر بۆ پرۆسـەکردن یان داهێنانی وێنەکان چ لەسـەر ئاسـتی خولیا و چ لەسـەر ئاسـتی پیشـەیی، وەك تایبەتمەندییەکی پەیوەسـت بە هۆشـیارییەوە، هەڵومەرجی ڕوون و هاندەری

توانای دامەزراندنی وێنەیەکی دیجیتاڵی تایبەت بە تایبەتمەندییە ناوازەکان، بەدواداچوونی چەمکەکان و دۆزینەوەی بوارەکانی هەڵبژاردنی گونجاو و خوازراو بۆ دروستکردنی زمانێك کە پێشتر هەرگیز بەدەست نەهێنراوە، ئەم توێژینەوەیە لە ڕەهەندی مێژوویی خۆیدا ڕووبەڕووی ئەو ناوچانە دەبێتەوە کە هاوبەشن لەگەڵ دەستکەوتەکانی زانست و کارلێکردنەکەی لەگەڵ ئەدای نێو بواری بینراو و کاریگەرییە تیژ و سۆفتوێرەکان کە هونەریان وەك ئامادەبوونێکی کەلتووری بە درێژایی مێژوو پێك هێناوە. ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی نێوان پەروەردە و هونەر و تەکنەلۆژیا دەخاتە ڕوو.

دەکرێت گرفتی لێکۆڵینەوە بەم پرسیارانەی خوارەوە کورتبکرێتەوە:

١. هەڵبژێری لە مێژوودا خۆی لە هونەردا بەرجەستە کرد؟

٢. سەرچاوەکان بۆ هونەری دیجیتاڵ و شێوازەکانی و ڕەوتەکانی داهاتوو چین؟

٣. فاکتەرە ئەنتۆلۆجی و تەکنۆلۆژیەکان چین کە کاریگەریان لەسەر تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی هونەری دیجیتاڵ هەیە؟

### ٢-١ گرنگی توێژینەوە:

بە پێی زانیارییەکانی توێژەر ، سەرەڕای ئەم توێژینەوەیە بە یەکەمین توێژینەوەی ئەکادیمی زانستی لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا ماستەر لەبواری وێنەکێشانی دیجیتاڵی لەهەرێمی کوردستان دادەندرێت ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گرنگیەکی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو بۆ بوونی بەیەکەم سەرچاوەی ئەکادیمی کە قووتابیانی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ و پەیمانگای هونەرەجوانەکان دەتوانن بیکەن بە سەرچاوەیەک بۆ پرۆگرامی خوێندن و سوود لێ وەرگرتن لە نوسینی توێژینەوەکانیان . جگە لەوەش گرینگیەکی تری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زیادکردنی سەرچاوە و دەوڵەمەند کردنی پەرتووکخانەی کوردی لەبەر ئەوەی سەر لەبەری نووسینی ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەی گرتووە لە پەرتووک و بابەتەکان بە زمانی ئینگلیزی بۆ زمانی کوردی.

لایەکی تر گرینگی هەڵبژێری بەهای بوونی مرۆڤ دیاری دەکات و جیای دەکاتەوە لە بوونەوەرەکانی تر کە بە سروشت دەژین ولەڕێگایەوە دروستکراون. ئەم توێژینەوەیە لە بەرهەمهێنانی تێکستی بینراو لەنێوان ئامادەبوونی مرۆڤ و بوونی تەکنۆلۆژیا دەکۆڵێتەوە، سۆفتوێرەکانی سەردەمی ئێمە

چیدی بە یەك بوار پێناسـه ناکرێت بەڵکو هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە. ئەم مەودا فراوانە کە رێگا لە ڕووی ژیاندا هەر لە کەلتووری سـەردەمی زانیاری و میدیا و وێنە و ڕیکلامی بازرگانی و سـینەما و دیزاین بۆ هونەری دیجیتاڵی ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەم تۆێژینەوە وەلامی بابەتی بۆ پرسـیارەکانی پەیوەسـت بە توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو، بەتایبەتی لەوەتەی دیجیتاڵەکان لە بواری جوانیدا مەودای گەورە و جیاوازیان بۆ دەستکەوتی بینراو زیاد کرد.

لە هەموو ئەمانەی سەرەوە، گرنگی ئەم توێژینەوە لەم خالانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١. ئەم توێژینەوەیە یەکەمین بەڵگەنامەی زانستی دەقکراوە لەبواری تایبەتمەندیەکەی لەهەرێمی کوردستان.

٢. ئەم توێژینەوە وەلامی پرسیاری زانینی ومێژوویی و ئەنتولوژی دەداتەوە.

٣. توێژینەوە چینە قولەکانی بابەتەکە دەهەژێنێت و پەناگەی پرسـیاری قووڵی بابەتەکە لە دنیای هەمیشە گۆڕاوماندا دەکۆڵێتەوە.

**١-٣ ئامانجی توێژینەوە:**

گرینگترین لە ئاماجاکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی چۆنیەتی کارکردنی هەڵبژێری و بنەماکانی وێنەکێشانی دیجیتاڵی.

**٤.١ میتۆد و جێبەجێکردنی شیکاری توێژینەوە :**

لەم تـوێژینەوەیە دا تـوێژەر سـوودی وەرگرتـووە لە شـیکردنەوەی وەسـفی بـۆ خسـتنەڕووی بنەماکـان و چـۆنییەتی جێبەجیکـردن و کـارپێکردنی پرۆگرامـی وێنەکێشـان بە کۆمپیـوتەر و ئـامێرێکی فـرە میـدیایی و ئەپەکـانی مۆبـایلە زیرەکاکـان و ئـای پـاد بـۆ دەربـڕین لە نیگارکێشانی هونەری دیجیتاڵی.

**١- ٥ سنووری توێژینەوە:**

سنووری بابەت: هەڵبژێریی و بنەماکانی وێنەکێشانی ژمارەیی لە کارەکانی پێشووتر کە ئەنجامدراوە و بە سوود وەرگرتن و خستنە ڕووی بە جوانترین شێوە.

سنووری شوێن: سوود وەرگیراوە لە هونەری هاوچەرخی ئەوروپا و ئەمریکا

سنووری کات : ٢٠٠٠– ٢٠٢٠

**١- ٦ پیناسەی زاراوەکان:**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**هەڵبژێری :**

**لە رووی زمانەوانییەوە:** هەڵبژێری لە فەرهەنگی (المعجم الوسـيط ولسـان العرب ) دا، بە واتای لە بێژینگدان (غربەلەکردن) و هەڵبژاردنی ئەو زانیارییانەیە، کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو گرنگە بمێنن. (المعانی، ٢٠٢١).

**لە رووی فەلسـەیەوە :** الانتقائية - Eclecticism، رێبازێکی هزرییە و هیچ کات بە تەنیا خۆی بە گرتنەبەری شـێوازێك، یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراوەوە پەیوەسـت ناکات، بەڵکو پشـت بە تیۆری جۆراوجۆر و بۆچوونی جیاواز دەبەستێت، تا لە رێگەیانەوە باشترین بڕیار لەسەر بابەتێکی دیاریکراودا بدات (الفن، ٢٠١٣).

**وێنەکێشانی ژمارەیی** Digital Painting

"هونەری وێنەکێشانی (ژمارەیی)دیجیتاڵی، بە هەموو ئەو کارانە دەگوترێت، کە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە ئەنجامدەدرێت. تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی لە بنەڕەتدا بۆ بەرهەمهێنانی کاری داهێنەرانەی هونەرییە، وەك کێشـانی تابلۆ، کاراکتەری کارتۆنی، دیمەنی سـروشـتی، تابلۆی گوزارشـتکردن و زۆر شـتی دیکە بەکاردەهێنرێت، بە پشت بەستن بە ئامێرە تەکنەلۆجییەکان" (العربیە، ٢٠٢٠).

**٢. چواچێوەی تیۆری توێژینەوە :**

**٢.١ رەهەندی مێژوویی (هەڵبژێری) :-**

لە سـاڵانی (١٨٣٠ – ١٨٥٠) هەڵبژێری لە ئەوروپا و ئەمریکا لە هونەری تەلارسـازی سـەری هەڵدا، چونکە تەلارسـازی لە ژێر ئارەزووی بۆرجوازیەت و پارێزەران و بیروباوەڕی لاسایی کەرەوە دا بوو، ئەوانەی کە لە ڕابردوو یان بە پیرۆزی دەزانی وە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی شـێوازی (الباروك)[1] لە تەلارسـازی ئیتاڵی دا لە نێوان سـەدەی شـازدە و هەژدەهەم دا وە شـێوازی پرۆتۆکۆل لە فەرەنسـا لە سـەدەی هەژدەم، "هەڵبژێری لە هونەری تەلارسـازی دا بەوە نەوەسـتا بەڵکو (پەلی کێشـا بۆ ئەدەب و دیزاینی ناوەوە و میوزیکیش"( المعن،١٩٨٤ ،ص٥٩) سەرهەڵدانی تەلارسازی جۆراوجۆری داهێنانیانە دەستی پیکرد و لە ئارەزووی چاولێکرانە تێپەڕی و گرنگی دا بە پێداویسـتی و جوانییەکانی نوێ و هەوڵی دا بۆ خۆ ڕزگار کردن لە یاسـای وەك یەکی توخمەکانی چاولێکەری. تەلارسـازەکان لەو کاتەدا دیزاینی نوێیان پێشـکەش کرد بە سـوود وەرگرتن لە بەکارخسـتنی توخمە تەلارسـازییەکان و شـێوازە

[1] (الباروك) لباروكيه أو الباروك ((بە ئینگلیزی : Baroque)؛ بە فەرەنسی : Baroque)؛ بە ئیسپانی: Barroco)؛ بە ئیتالی : Barocco بە ئەڵمـانی: Barock)مـاوەیەکی مێژووییە لە کەلتوورێکی رۆژئـاوا لە رێگـای شـێوازێکی نوی دامەزرا لە تێگەیشـتنی هونەری بینین (شـێوازی باروك) وە لە دەقێکی مێژووی وکەلتووری کۆمەڵێك بەرهەمی هێنا وەکو لە بواری ئەدەب وتەلارسازی وپەیکەرتاشی و وێنەکێشان ومۆسیقی، ...هتد. /https://ar.wikipedia.org/wiki

جۆراوجۆرەکان بە پشت بەستن بە مەبدەئی رەدکردنەوەی ڕێکخستن کە بە ڕێکخستنی تەواوکاری و مژدەدەر هەژمار دەکرێت. بە شـێوازی نوێ و جۆراوجۆری سـەرچاوەکان چونکە (هەڵبژێری پوختەی بیروباوەڕەکانی شارستانییەتەکانی پێشترە (الزيارات ١٩٨٢ص ٧٧٧ )

## ٢.٢ هەڵبژێری لە هونەری مۆدێرندا::

بوونی  هەڵبژێری لە هونەردا پاڵپشـــت بوو بۆ پێویســـتی ئەزموون و هەڵاتن لە شـــێوازە باوەکان و داهێنانی نوێ  (اليوسف,٢٠٠٣,ص٨٢).

ئەمەش بە تایبەتی لە ئاڕاستەکانی نوێگەرایی لە وێنە کێشاندا  کە بانگەشەی بۆ ئازادی شێوە دەکرد لە هێلدا وەك هەمەجۆری لە ڕەنگ و ڕەنگکردنی سێبەر و دوورکەوتنەوە لە بابەتی مێژووی و ئاینی و داستان (محمود،١٩٨١،ص٥١) .هەر وەکو لە شێوەی ( ١ ،٢،٣ )



(وێنەی ١ ب٢) کاری ( ئوگست ڕێنوار) ١٨٧٨
١٧٥سمX١٣١  سەمای مولاند و لاگیت



(وێنەی ٢ ب٢) کاری ( پول سیزان ) ١٩٠٦
١٨٢سمX١٣٤  یاریزانی کارت



(وێنەی ٣ ب٢) کاری ( پول سیزان ) ١٨٨٥
١٠٠سمX٨٠  باخی ستایش

بەڵام لە هونەری شـــەشـــپاڵووخوازی (تكعبى)[1] ئەوا هونەرمەند شـــێوەی ئەندازەیی هەڵبژارد، کە بە هزری هونەرمەند(بول سيزان) ناسرا بوو وە  کاریگەری ئەویشی لەسەر بوو هەر بۆ ئەم مەبەستەش هەولێدا شـــیکردنەوەی جیهان بە  شـــێوەی ئەندازەیی گوزارشـــت  بکات و ووتی: (هەموو جیهان بریتییە لە قوچەك و خڕی تۆپی و لوولەیی).هەروەهـا هونەرمەنـدی (تكعبى) نموونەی دەمـامکی

[1] تکعیبی(cubism) بزوتنەوەیەکی مۆدیرنزمە لە هونەری وێنەکێشان، لە سەر دەستی هونەرمەند بابلو بیکاسو، وە ئەم بزوتنەوە کاتێك دروست بوو کە ئیمرشیونیزم لە لوتکەی دا بوو لە یەکەم دە ساڵی سەدەی ڕابردوو، وە نکعیبیە بینینیچکی نویی هەیە بۆ شـتەکان گەردوون، وای کرد کە هونەری وێنەکێشـان وردە وردە دوور بکەوێتەوە لە ئاسـایی کردنەوە بۆ ئەوەی هاوکێشـەیەکی تر دروسـت بکات لە بۆ بینینی شـێوەکان. اميل بديع يعقوب، ميشـال عاصـى، المعجم المفضـل فى اللغة والادب، المجلد الاول، دار العلم للملايين، لبنان-بيروت، ١٩٨٧، ص٤٥٠.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەفریقیایی هەڵبژارد و پانتای بە بابەتەوە بەســتەوە لەڕێگەی تەونێکی پەیوەندی هێلکاری هەروەك وێنەی(١,٢,٣ )دیارە.



(وێنەی ٤ ب٢) کاری (هێنری ماتیس) ١٩٠٨



(وێنەی ٥ ب٢) کاری (هێنری ماتیس) ١٩٠٥



(وێنەی٦ ب٢) کاری (هێنری ماتیس) ١٩١٠ ١٣١x٥٢سم (سەما)

بۆیە هونەرمەند هەڵبژاردنی ئەو نموونانەی هەڵدەبژارد کە بڵاوبوو لە ڕۆشنبیری ئەمریکی وەك وێنەی هونەرمەندان یان وێنەی قۆدی(قووتی) یان وێنەی فۆتۆگرافی یان لە وێنەی ناو گۆڤارەکانی منداڵان پێشکەشی جەماوەری دەکرد وەك کارێکی هونەری ،وەک لە تابلۆی (مارلینات)ی هونەرمەندا دیارە کە هونەرمەند (ئەندی وارهول) [1] کەجێبەجێکرد لەڕێگەی چاپی لەســەر قوماشــێکی ئاوریشــم (silk screen) وەك لەوێنەی ( ٨,٧ ) دیارە

[1] ئەندی وارهول: (١٩٣١-١٩٨٧) هونەرمەندی ئەمریکی ئەندی وارهول لە (بیتســبورغ Pittsburgh) لە دایك بووە، لە نیویورك کاری وبە ناوبانگ بوو وەکو وێنەکێش وڕێکلامکەر، دەستهی کرد بە وێنەکێشـان لە ١٩٥٠، وە شـێوازێکی دەربڕین (تەعبیری). وە لە ساڵی ١٩٦٢ دەستی کرد بە کاری چاپەمەنی میکانیکی لە سەر قوماشە تابلۆ. لیلى مليحة فياض، موسوعة أعلام الرسم العرب والاجانب، ط1، دار الكتاب العلمية للنشر، بيروت-لبنان، ١٩٩٢، ص٤٩٣-٤٩٤.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



(وێنەی ٧ ب٢) کاری ( اندی وراهول ) ١٩٦٧
٩١.٤سمX٩١.٤ (مارلین مونرو) بۆ هەر یەک تابلۆ




(وێنەی ٨ ب٢) کاری ( اندی وراهول ) ١٩٦٩
٨٨.٩سمX٥٨.٤ (قووتوی دۆشاوی تەماتە)

## ٣.٢ بنەماکانی هونەری دیجیتاڵی

بنەماکانی وێنەکێشـــانی دیجیتـاڵی ئامرازێکن لە کارە بینراوەکان کە هونەمەند بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانی دەیانهێنێتە بەرهەم بەکورتی هونەری وێنەکێشانی دیجیتاڵی چەندین بنەمای لە خۆ گرتووە لەوانەش :

### ١. سادەیی – Simplicity

مەبەست لە سادەیی "وەرگیرانی دەق و قسەکان بەشیوەیەکی سادە بۆ وینەی دیجیاڵی بەدەستەواژەی کورت بۆ ئەوەی زۆر
بەئاسانی هەموو کەسێك لێی تیبگات. چۆن سادەیی و جوانی کاریگەری لەسەر ئەزموون و لێکدانەوەی بەکارهێنەر هەیە لە دیزاینەکە، وە چۆن ئەم تێڕوانینە بەپێی کولتووری دەتوانێت بگۆڕێت "( Karvonen, 2000,p85)



**(وێنەی ٩ ب٣) کاری (چاریس تسیڤیس)**
**(مۆدیل) 1300x949 pixel**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢- ناونیشان (Title)**

هەموو کارێکی هونەری لە بنچینەدا پێویستی بە ناونیشانێکە لەسەرەتای دیزاینکردنی ئەمەش پێچەوانەی دیزاینی پسپۆریەکانی ترە کە لەوانەیە پیویستی بەناویشان نەبێت . بۆیە باشترین رێگا بۆ باوەڕ پێهینانی بینەر وێنەکانی دیجتالی پێویستە ناونیشانێکی سەرنج راکێش و باوەڕ پێ هێنەرهەیە.ئەگەر ناونیشانەکە بەشێوەیەکی ئەکادیمی بێت ئەوا دەبێتە جێگەی سەرنج . ئەگەر بە ووردی لە کارەکانی (رەنگان کریشنما) وێنەی (١٠) وربینەوە گرینگیەکی زۆری داوە بە ناونیشانی تابلۆکان واتا هەر کارێکی ئەنجامدابێت بیری بۆ ناونیشانی کارەکە کرۆتەوە وەك لەسەر نەخۆشی کۆرۆنا



**(وێنەی ١٠. ب٣(رەنگان کریشنما)**
**(کۆرۆنا) 1098 X 1000 Pixel**

**٣- دژبەیەك Contrast**

دژبەیەك (contrast ) جیاوازی نێوان دوو شت یان دوو جۆر کە جیاوازی نێوان شتەکان نیشان دەدات وەک وێنەی ( ١١ ) کە هونەرمەند ( رفيق المانسی ) هەوڵی داوە لەو کارە بە جیاکاری ڕەنگەکان بخاتە ڕوو (contrast ) بریتییە لە "جیاوازی نێوان توخمەکانی هونەر لە پێکهاتەیەکدا، بەجۆرێك کە هەر توخمێك پێوەندی لەگەڵ ئەوی دیکەدا بەهێزترە. دەتوانرێت کۆنتراست بە یەکتر جێگیرکردنی هەریەکێك لە توخمەکانی هونەر بەدەست بهێنرێت. فەزای نەرێنی ـــ ئەرێنی نموونەی کۆنتراستە. ڕەنگە تەواوکەرەکان کە شان بە شانی یەکتر دانراون نموونەی کۆنتراستە". (Marder, 2019) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



**(وێنەی ١١. ب٣(  رفيق المانسى)**
**(پۆرتریت)   Pixel 1000x1000**

**٤.هاوسەنگی Balance**

هاوســـەنگی لە هونەردا ئاماژەیە "بۆ بەکارهێنانی توخمە هونەریەکانی وەك هێڵ ، دارشـــتن ، ڕەنگ و فۆرم لە دروســـتکردنی کارە هونەریەکان بە شـــێوەیەك کە ســـەقامگیری بینراو پێشـــکەش بکات.( Anonymous,2016). بەلام زۆرکات شـەرت نیە ئەم هاوسـەنگیە تەنها بە هۆی فۆڕمەوە بێت ڕەنگە هونەرمەند تەنها بە شێوەی ڕەنگ ئەم هاوسەنگیەمان پێ دەڵێت وەك وێنەی (١٢)




**(وێنەی ١٢. ب٣(  شادۆليا)**
**(بلانس)  x652px Pixel900**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٥.گوزارشتن ( دەربڕین) Expression ion**

" لەم ڕێگەیە وەکو هونەرەکانی تر هونەرمەند دەتوانی گوزارشـــت لە هەســـتەکانی خۆی بکات بە هەڵبژێری چەندین جۆری فڵچە و قەڵەمی وێنەکێشانی دیجیتاڵی، وێنەکێشانی فانتازی لە خەیاڵ و لەگەڵ تێکەڵکردن بە ژیانی ریالیزم وەك وێنەی (١٣) (Fedyukovskaya,2022 )



**(وێنەی ١٣. ب٣(  شێریدان )**
**(هێزی ئەقڵ) x652px900**

**٦.ریتم ( Rhythm)**

دەکریت بڵیین ڕیتم بریتی یە لە دابەشـبوونی دووبارەبووەوەنەوە بەشـێوەی ڕێکخراو یان نارێکخراو لە هەر کارێکی هونەری یـان تـابلۆ دیجیتـاڵیەکـان ( Kennedy,2022) وەك وێنەی (١٤) واتە هەنـدێـك کـات دووبـارە کردنەوە بە مەبەســتدار دەکرێت ڕەنگە هەندك کات بەشــێوەیەکی بی مەبەســت کارەکان ئەنجام دەدرێت جوانیەکی بی هاوتا دەبەخشێتە بینەر.



**(وێنەی ١٤. ب٣(  مێلان چۆلیکەر )**
**(ریتم) 4326X2818 px**

**٧. هارمۆنی ( harmony)**

هاڕمۆنی کاتێك بەدەســت دێت کە ڕەنگەکان لە یەکتر نزیك دەبنەوە لەســەر بنەمای ڕەنگەکان یان لەناو مۆدێلی هەر کارێکی هونەری لەسەر چینێك کاری لەسەر دەکرێت، بە دەستکاریکردنی چینەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەتوانێت پێداچوونەوە بە تۆن یان ڕەنگەکان بکرێت دوای ئەمەش کارەکە رێکدەخرێتەوە و دووبارە چاپێکی نوێ بۆ کارەکە دەکرێتەوە ئەمەش پاش دەستکاری کردنی تۆنی رەنگ و سێبەر و رووناکی لە فەزا و کاتێکی دیاریکراودا (Burrough, 2013,p.118) وەك وێنەی (١٥)



**(وێنەی ١٥. ب٣( ئایان ئارت)**
**(هارمۆنی) 799X1200 px**

## ٣. شیکردنەوەی نموونەکان

**نمـــونـــەی (1)**

**ناوی تابــلۆ: ( هاوسەنگی)**

**هونەرمەنــد:( Georgia Tielemans)**

**پــرۆگرام: فۆتۆشۆپ 1200X1200 Pixel**

**مـــــێژوو: 2003**

**خاوەنداریەتی: کۆمەڵی هونەرمەند**



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**چاوپێخشاندن :**

کارەکە بریتییە لە بۆشـایەکی تاریك و لە خوارەوە کەوانێك دوو کچ جێگیر دەکات کە ئاراسـتەی ڕوخسـاریان ڕوو لە دەرەوەیە و جەستەکانیان پاڵناوە، دەستیشیان خستۆتە ناو دەستی یەکتری کە پێکهاتەیەك پێکدەهێنن کە لە هێمای (دڵی خۆشـەویسـتی) دەچێت. هەردووکیان قژێکی کەزییان شـۆڕبۆتەوە، یەکێك لەو دوو کچانە شێوەی لەسەر ڕەنگی ئاسایی مرۆڤە و ماسکێکی سپی لەبەری کردووە، و ئەوی تریان ڕەنگێکی خۆڵەمێشی نائاساییە و ماسکێکی ڕەنگی مرۆڤ لەبەری کردووە، دیمەنی پشتەوەی کارەکە وردەکاری ڕوون لەخۆناگرێت، تەنها چەند هێڵێکی نادیاری کاڵن ، هەردووك کچەکە لەسەر بازنەیەك لەشێوەی کۆی زەوی وەستاون.

**سەرچاوە هزرییەکان:**

ئەم کارە بە بیروبۆچوونە مۆدێرنەکان کۆنترۆڵ دەکرێت کە بانگەشـــەی قبووڵکردنی جیاوازی لە وشـــیاری نەریتی و بوونی ســـروشـــتی دەکات، بە ئـاماژەدان بە بوونی جیـاواز لە مرۆڤ (بیرۆکەی خۆڵەمێشـــی) و قبووڵکردنی بیرۆکەی هاوڕەگەزبازی کە لەلایەن زۆرێك لە لایەنە سیاسی، میدیایی، سـەندیکایی یان هونەر لە جیهانی هاوچەرخی ئێمەدا و بەم شێوەیە هۆشیاری جیهانی ئێستا کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی کارەکە دەکات.

**سیستەمەکانی دارشتن:**

هونەرمەند کۆمەڵێك یاســای شــێوە پێدان هەڵدەبژێرێت، کە لەگەڵ بیرۆکەکەی بگونجێت بۆیە لەجیاتی هێڵە ڕاستەکان هێڵی کەوانە هەڵدەبژێرێت، لە بری ڕەنگەکانی ڕووناکیش ڕەنگە تاریکەکان هەڵدەبژێرێت، لەجیاتی دووفاقی بوونی (ژن و پیاو) ئافرەتێکی سروشـتی و یەکێکی خۆڵەمێشـی هەڵدەبژێرێت. بەم شـێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە یاسای سەروەری و کەوانەکردن بە توندی لە دامەزراندنی کارەکەدا هەیە.

**هەڵبژێری لە تەکنیکی خستنە روو:**

لەم کارە هونەرمەند زۆر بە ئاگاییەوە هەڵبژێری بۆسەر هەندێك لە تەکنیە سەرەکییەکان کردوە بۆ دامەزراندنی کارەکە، کە هونەری ســـوریالیزمە بۆئەمەش کە ووزەیەکی ئیلهام بەخشـــی پێ بدات، ووردەکاریەکی زۆری بەکارهێناوە بە داپۆشـــینی تاریکی بەشـــێوەیەکی داهێنەرانە بە کەلك وەرگرتن لە وێنە ئاســـمانییەکانی تەنکنەلۆجیا ، هەوڵدراوە شـوێنی فلچەکان بشارێتەوە بە شێوەی(مسح) ئەو فلچە هەوایانەی بەکارهێناوە لە ئەدۆب فۆتۆشـــۆپ ئامادەن، کە بۆ کارپێکردن شـــێوازێکی نەرمیان هەیە. دانانی هەردوو فیگەر بەشـــێوەی یەکسـان لە بەرزی و نزمی کارەکە هەریەك رەنگێکن، بە شـێوەیەکی جیاواز هەڵبژێری کراوە لە هارمۆنی ڕەنگی جل و بەرگەکان و گونجانـدیان ، ئەمەش تەنها لە ئەدۆب فۆتۆشـــۆپ ئەم تەکنیکە دەتواندرێت دەســـتەبەر بکرێت.گەر بە ووردی ســـەیری فیگەرەکان بکەین تەنها یەك فیگەرە، بەڵام هونەرمەند هاتووە وێنەکەی دووبارە کردۆتەوە ( کۆپی)کراوە بەڵام بە گۆڕینی رەنگی فیگەرەکان لەسەر چینەکانی فۆتۆشۆپ بە سوود وەرگرتن لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆڕینی چەند هێمای هەڵبژێردراو لە و ڕەنگانەی لە بەرنامەدی ئەدۆب فۆتۆشـــۆپ دا بەردەســـتە. چۆنیەتی کارکردن لە پشـــتی هەردوو فیگەرەکان دا بریتییە لە بەکارهێنانی فلّچەی هەوایی کە ئەم فلچانە تایبەتن بە دروستکردی هەڵم و دوکەڵ، لەگەڵ هەندێ ووردەکاری تایبەت بە فلّچەی وورد بۆ پرژێنەری بریسکەدار کە لە پالێتی فۆتۆشۆپ بەردەستە. ئەم کارەش بە سوود وەرگرتن لە چەند وێنەیەکی هەڵبژێردراو تایبەت تێکەڵ کردنیان و فلّچەی نەرم بۆ تەلاشی کردنی وێنەکان بەکارهاتووە .

**هەڵبژێری لە ڕێکخستنی ناوەرۆك :**

هەڵبژێری لەدارشـــتنی بیر و ماناکاندا کە لەدونیای هاوچەرخی ئێمەدا ڕەنگی داوەتەوە، هونەرمەند بیرۆکەی هەژاری سۆزداری لە پەیوەندیەکاندا هەڵدەبژێرێت، نا سروشتی وەك بەدیلێك بۆ سروشتی هەڵبژێرکراو، بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە لە گفتوگۆ و دیالۆگ لە سەر ئاستی کەلتووری جیهانی، یان حکوومەتەکانی جیهان کە بابەتی ڕەگەز و شـــانازیکردن بە گرتنە بەری ئەم جۆرە بیر و بۆچوون، مەیلی دەروونی و سۆزداریی، دەرکردنی یاسا بۆیان سەرەڕای ئەوەی ناکۆکە لەگەڵ سروشت و ئەخلاق و ئاییندا.

**نمـــونـــەی 2**

**ناوی تابــلۆ: فلوت ژەن**

**هونەرمەنــد ( gil robles)**

**پـــرۆگرامی هەڵبژێر دراو: Sketchbook**

**قەبارەی: 2300X1682 Pixel**

**مـــــێژوو: 2013**

**خاوەنداریەتی: کۆمەڵی هونەرمەند**



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**چاوپێخشاندن:**

کارەکە بریتییە لە دیمەنێکی سروشتی پڕ لە سەوزایی و دارستانێکی سەوزی گەش، لە ناوەندی تابلۆکە پیاوێکی بەتەمەن و ریش سپی شەپقەیەکی نیلی نۆخی لەسەر داناوە. دانیشتوە و فلوت دەژەنێ ، شێوازی دانیشتنەکەی قاچێکی خستۆتەوە بن خۆی قاچەکەی تری لە زەوی جێگیر کردوە. ئانیشکی چەپی لەسەر چۆکی داناوە و خەریکی فلوت ژەنینە، قوتویەك لەبەردەمی دانراوە پارەی کاغەز و هەندێک خوردەی تێدایە، فلوت ژەنەکە پاڵی بە ئاسنێك داوە کە وەك سیاج بە زنجیر بەیەك گرێدراوە، لەپشتیەوە داریستانێکی سەوز و چەند دارێکی گەورە کە رەنگی قاوەیەکی تێرە، چەند دارێك لە دوری دار گەورەکە دەبیندرێت .

**سەرچاوە هزریەکان :**

هونەرمەند لەم کارەدا سەرچاوەیەکی فیکری وبوونی (وجودی) هەڵدەبژێرێت. کە لەڕێگەی ئەم سەرچاوەیە پێکهاتە و وردەکارییەکانی کارەکە جێبەجێ دەکات، کە ئەمەش تیشك دەخاتە سەر بیرۆکەی خودی سەبارەت بە پەرۆشی ئازارەکانی مرۆڤ لەم بوونەدا و هەستە قووڵەکەی لە نەبوون فەرامۆش دەکات. بیرۆکەکە لە نەهامەتییەکانی مرۆڤ و گونجانی شوێن و خاوێنیەکەیدا دەردەکەوێت، لێرەدا دەتوانرێت ئاماژە بە ڕێبازێکی دیالێکتیکی هیگڵی (هیغل) بکرێت لە نێوان بەهای مرۆڤ لەلایەك و (کات و شوێن) لە لایەکی ترەوە. ئەم هەڵبژاردە قووڵە خودێك لە بەرامبەر خودێکی دیکە دەناسێنێت و گوتەی فەیلەسوفی فەرەنسی (جان بول سارتر) کە دەڵێت (ئەوانی تر دۆزەخن) وەردەگێرێت.

**سیستەمەکانی دارشتن :**



سیستەمی تابلۆکە بە جۆرێك دارێژراوە کە جولەو بارستایی فیگەرەکە لە ناوەراستی کارەکەی پێکهێناوە، وەك لە چەقی تابلۆکە دا بەدیار دەکەون، هونەرمەند کۆمەڵێك یاسا و شێوەی هێلی هەڵبژاردووە کە لەگەڵ کارەکە بگونجێت. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت دارشتنی کارەکە لە شێوەی ئەندازەیی سێگۆشە بە توندی لە کارەکە دارێژراوە وەك وێنەی ( ١٦ ) رەنگی تۆخ و ساردی بۆ جل و بەرگی بەکارهاتوە وەك نیلی و کەسکی تۆخ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**تەکنیکی خستنە روو :**



لە تەکنیکی خستنە ڕووی کارەکەدا هونەرمەند لە پێناو بەدیهێنانی ئیستاتیکا بۆ کارە بینراوەکەی پێوانەی سێگۆشەیی بەکارهێناوە ، جێبەجێکردنی ئەم تابلۆیە بە بەرنامەی ( SketchBook Pro ) دروستکراوە. تەواوی کارەکە بە شێوەی وێنەکە لە بەکارهێنانی فڵچەی چوارگۆشەیی درشت دروستکراودا دانراوە. کارەکە لە چوار چین پێکهاتووە، سەرەتا لەسەر شاشە سکێچی بۆ کێشراوە وەك لە وێنەی ( ١٧) دوای بە ووردی ئامرازی قەڵەم بەکارهاتووە بۆ پاڵاوتنی ئەو ناوچانەی لە سمێڵ و ئەو شوێنانەی تردا کە زیاتر لێواری وردی پێویستە، بەکارهێنانی قەڵەم و ڕەنگ بەکاردێت بۆ پێدانی پێکهاتە ی جۆری فڵچەی وشك ڕەنگ دەکرێت بۆ دەموچاو و سمێڵ و جل و بەرگ و دار و گەڵاکان . ئامێری قەڵەم و فڵچەی گۆشەیی درشتی دروستکراو کارەکان بۆ دار و درەختەکان بەکارهاتووە، هەموو پێکهاتەی ناو تابلۆکە بە شێوەیەك بنیات نراون بە بەکارهێنانی چینەکان و جۆری ئەو فڵچانەی کە لە ناو بەرنامەکەدا هەن. واتا هونەرمەند توانیویەتی زۆر بە لێهاتووی سکێچی خێرا بۆ تابلۆیەیکی بەدیهاتوو بهێنێتە بەرهەم، بە بەکارهێنانی چینەکان لەسەر یەکتری و ئامرازە گواستراوەکان و وەشانی فڵچی هەوایی، کە بە شێوەیەکی کاریگەر دیمەنی تابلۆکە هاوشێوەی کارێکی هونەری بکات.

**هەڵبژێری لە رێکخستنی ناوەرۆك :**

هونەرمەند لە دەقێکی کراوە و بینراودا کاری لەسەر ناوەرۆکی کۆمەڵاتی و پیشەگەرایی کردوە، وەرگرتنی یەك فۆرم لە کارەکەدا، یان دارشتنی جۆری کارەکتەرەکە کە فلوت ژەنێکە وەك پیشەی کارەکە ، دەربری سۆز و خۆشەویستی بۆ کارەکەی هەڵبژێری رەنگە ساردەکانی بەکارهێناوە. گێرانەوە لەسەر ناخی پیاوێکی ریش سپی و بەساڵا چوو ژیانێکی ساردو رەنگەکان بە شێوازێکی سارد درێژراون. هونەرمەند بیرۆکەی هەژاری سۆزداری لە کارەکە هەڵدەبژێرێت.ئەمەش گوزارشت لە ژیانی ساردی و لایەنی خەزانی رووح و تەمەنی خودی دەکات. دانانی قووتویەك لەبەردەمی بۆ هاوکاری پەیداکردنی بژێوی ژیانی لە پیناو مانەوە لە ژیان ئەمەش لایەنی واقیعی ژیان کە بە هەژارییەوە دەردەکەوێ . وەك بە بێ پێڵاو لە هونەری( کاراڤاجیۆدا ) دووبارە و سێبارە دەردەکەون. ئەم بیرۆکەیە بە سوود وەرگرتن لە بیرۆکاکانی هونەرمەندەکانی تری (بارۆك)ەوە وەرگیراوە. دوای نزیکەی ٣٠٠ ساڵ، ڤینسێنت ڤان گۆگ دەستی کرد بە ئەرکێکی شەخسی بۆ هەژاران. گەورەترین وێناکردنی هەژاریی، پەتاتەخۆرەکان بوو، هەوڵێکی پڕ لە سۆز بۆ ئەوەی ژیانی خەڵکی هەژار بخاتە ناو هونەرەوە. هونەر ئەوەیە کە لە ئەنجامی پەیوەندییەکی دیالێکتیکی نێوان تابلۆ و بینەرەوە دێتە ئاراوە، لەگەڵ

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆڕانی تەکتەلۆجیا بەرهەمی هونەری و چۆنیەتی دەربڕینی هەستی مرۆڤایەتیش گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆی بینی لەگەل پیشـــکەوتنی هونەر و تەکنەلۆجیا هونەریش گۆڕا لێرە هونەرمەند ژیانی ڕۆژانەش وەك کاڵایەك لە چوارچێوەی بەبازاڕکردنی مەعریفەدا دەخاتە ڕوو.

**٤ - ئەنجام و دەرەنجام :**

٤-١ هونەری نێگار کێشـــانی دیجتالی وەک فۆرمێکی گرنگی هونەری نیگارکێشـــی مۆدێرن، پەرەســـەندنی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر پشـــتگیرییەکی تەکنیکی بەهێزی بۆ بەرهەمهێنان و گەشـــەکردنی پێشـــکەش کردووە، بەتایبەتی لەوەتەی مرۆڤ هاتۆتە ســـەردەمی دیجیتاڵییەوە، هونەری نیگارکێشـــانی دیجیتاڵی زیاتر و زیاتر گرنگی پێدراوە، لەگەڵ گەشـەکردنی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی پێشکەوتنی خێرای بەدەستهێناوە. نیگارکێشانی دیجیتاڵی لەســـەردەمی ئەمرۆ جێگەی نیگارکێشـــی نەریتی (کۆنی) گرتۆتەوە. هەرچەندە وەك دوو فۆڕمی هونەری نیگارکێشـــان، هونەری نیگارکێشـــانی دیجیتاڵی و دیزاینی هونەری نەریتی پەیوەندییەکی ناوەکی و یەککگرتنیان هەیە. نیگارکێشـــی نەریتی بناغە و ڕۆحی نیگارکێشـــی دیجیتاڵییە، نیگارکێشـــی دیجیتاڵی فرە گەشـــەکردن و داهێنانی نیگارکێشـــی نەریتییە، بۆ گەشـــەپێدانی هونەری نیگارکێشـــی زیندوویی داهێنانی تێدا کراوە، ئەو دووانە لە پەرەپێـــدانی کـــاریگەریی یەکتر، یەککگرتنی یەکتر، و بەرەوپێشـــبـردنی بەردەوامی پەرەپێدانی هونەری نیگارکێشـــانە. لەکۆتایی یدا ،ئەو توێژینەوەیە باس لە تەواوی بنەماکان و چۆنییەتی جیبەجیکردنی نیگارکێشـــانی دیجیتاڵی دەکات، کارپێکردنیان بە هۆئ بەرنامەی ســـۆفتوێر و یان ئامێرە مۆبایلەکانی وەک تابلێت و مۆبایلە زیرەکەکان. هەموو ئەو بەرنامە ســـازییانەی دروســـتکراون لە پێناو هێنانە کایەوەی هونەرمەندانئ دیجیتاڵی بۆ زیاتر پەرەپێدان و داهێنان لە وێنەکێشانی تابلۆی دیجیتاڵی .

## سەرچاوەکان:

**سەرچاوە عەربیەکان :**

المعاني ،2021، تعريف و معني الانتقائية في قاموس المعجم الوسيط ،اللغة العربية المعاصر ،الرائد ،لسان العرب ،القاموس المحيط. قاموس عربي عربي، الموقع الاكتروني:

الفن،2013، الانتقائية، الموقع الاكتروني ،
https://www.marefa.org/الانتقائية#:~:text=الانتقائية%20Eclecticism،%20هو%20مذهب%20فكري,نظريات%20مختلفة%20في%20حالات%20معينة

. العربية، 2020،هذه أفضل البرامج لرسامي الفن الرقمي Digital Art، دبي البوابة العربية، تاريخ التحديث 2020|04|20. لمزيد انظر الموقع الاكتروني :
https://www.alarabiya.net/technology/2019/01/13/هذه-أفضل-البرامج-لرسامي-الفن-الرقمي-Digital-Art

الياس, الزيات: الموسوعة العربية,١٩٨٢ العمارة والفنون التشكيلية-عمارة مجلد:3,ص777.

اليوسف,شوقي بدر:النزوع الي التجريب في اعمال محمد الصاوي,دمشق,اتحاد الكتاب العرب,2003.
جمال,المعن: نظرية التحدي في الفن/مدخل لدراسة مصريةمعاصرة,مجلة الفنون والعلوم, جامعة حلوان,القاهرة, مجلد :4 العدد:2,1984,ص59


**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

Anonymous (2016), Principles of Design, char.txa.cornell.edu. [15 May, 2022]

Bashiru.S.(2020).Principles of Design Importance. Available at: https://uxdesign.cc/principles-of-design-importance-9de65d53682c. Accessed on ( 13 May 2022).

Burrough, X., 2013. Foundations of Digital Art and Design with the Adobe Creative Cloud. Pearson Education

Fedyukovskaya, M., Fedyukovsky, A., Shatalov, D. (2022). Movement Technology: From Kinetic Art to Digital Art. In: Bylieva, D., Nordmann, A. (eds) Technology, Innovation and Creativity in Digital Society. PCSF 2021. Lecture Notes in Networks and Systems, vol 345. Springer, Cham. https://doi.org/10.1007/978-3-030-89708-6_36

https://www.behance.net/gallery/55549529/Digital-Art-Stories

Karvonen, K., 2000, November. The beauty of simplicity. In *Proceedings on the 2000 conference on Universal Usability* (pp. 85-90).

Kennedy. M(2002).How to Use the 7 Principles of Art and Design in Photography. https://expertphotography.com/principles-of-design-photography/. Accessed on (13 May 2022).

Marder,L.(2019).The 7 Principles of Art and Design. Available: https://www.thoughtco.com/principles-of-art-and-design-2578740. Accessed on (13 May, 2022).

# Eclecticism and Principles in Digital Painting

**Adil Zrar Ameen**

Department of Plastic art, College of Fine Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Adilzrar76@gmail.com

**Falah Hassan Shakrchi**

Department of Plastic art, College of Fine Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

falah.husain@su.edu.krd

***keywords:*** *Digital Art, Palette, Drawing, Painting, Technology*

## Abstract

Digital painting is all the work done by technology. It is primarily used to produce creative works of art, such as paintings, cartoon characters, landscapes, expressive paintings, and so on. The importance of digital technology in arts and humanities studies is growing. Digital art is not a subset of other arts in that it employs digital technology as an essential part of the creative or display process. The purpose of this study is to demonstrate how the selection works as well as the fundamentals of digital painting. The researcher dealt with eclecticism in contemporary art, reviewing the most important characteristics of that era of art. As for the principles of digital painting, the researcher referred to qualities such as: contrast, balance, expression, rhythm. In the third chapter of this study, the researcher used the descriptive analysis method to present the principles and how to implement artworks and run the computer drawing program, multimedia device, smart phone applications and devices . The theoretical framework deals with the topic of the current research by observing the concept of eclecticism in modern art. In this topic, the researcher analyzed the eclecticism of modern art through the features and characteristics of modern art. The researcher referred to characteristics such as: contrast, balance, expression, rhythm. In this study, the researcher used descriptive analysis to present the principles and how to implement and operate a computer drawing program, a multimedia device, smartphone apps and iPads to express digital art painting. The mentioned methodological approaches were the result of the researcher's empirical studies of graphical composition for several digital applications. So digital drawing is a modern instrument in the art of painting in which academics can develop their work using modern technology such as software programs, smartphone apps, and apps to generate amazing and three-dimensional digital images.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# الانتقائية والمبادئ في الرسم الرقمي


## ملخص:

الرسم الرقمي هو العمل الذي تقوم به التكنولوجيا، تُستخدم التكنولوجيا الرقمية بشكل أساسي لإنتاج أعمال فنية إبداعية ، مثل: لوحات الشخصيات, الرسوم المتحركة,المناظر الطبيعية,اللوحات التعبيرية وغيرها، تتزايد أهمية التكنولوجيا الرقمية في أبحاث الفنون والعلوم الإنسانية. الفن الرقمي ليس جزءًا مغلقًا من الفنون الأخرى ، اذ تستخدم التكنولوجيا الرقمية كجزء أساسي من عملية الإبداع أو العرض، الغرض من هذه الدراسة هو الكشف عن صفة الانتقاء ومبادئ الرسم الرقمي.

يتناول الاطار النظري موضوعة البحث الحالي من خلال رصد مفهوم الانتقائية في الفن الحديث وفي هذا المبحث حلل الباحث انتقائية فناني الحداثة من خلال سمات و خصائص الفن الحديث وفي المبحث الثاني تناول الباحث الانتقائية في الفن المعاصر مستعرضا اهم صفات تلك الحقبة من الفن، اما عن مبادئ الرسم الرقمي فقد اشار الباحث الى صفات مثل : التضاد، التوازن، التعبير، الاقاع.

استخدم الباحث في الفصل الثالث من هذه الدراسة منهج التحليل الوصفي لعرض المبادئ و كيفية تنفيذ الاعمال الفنية و تشغيل برنامج الرسم بالحاسوب وجهاز الوسائط المتعددة وتطبيقات الهواتف الذكية وأجهزة (iPad) للتعبير عن الرسم الرقمي، و كانت الإجراءات المنهجية كما هو موضح في هذا البحث نتاج دراسات الباحث التجريبية للرسم الرقمي من خلال العديد من البرامج الرقمية. لذا فإن الرسم الرقمي هو اتجاه حديث في فن الرسم يمكن للباحثين من خلاله ابتكار أعمالهم بمساعدة التكنولوجيا الحديثة ، مثل البرامج وتطبيقات الهواتف الذكية والتطبيقات لإنشاء صور رقمية و ثلاثية الأبعاد.

مفاهيم البحث: الاختيار, الرسم الرقمي.